# کوڵۆڵ خۆی کورد

## بەبابیٚ و بە باران هەر لە بەفر کەم ئەبێتەوە

**کامیل ژیر**

کوڵۆڵ خۆی بەفر. ئەو بێچارەیە، گەرچی لەئاست ساردییەکەیدا هیچ میکرۆبێك خۆی بۆراناگیریٚ، کەچی لەبەرامبەر باو لەبەرامبەر باران،دەستەوستانە .

ئەوە بەفر بەگشتی. ئاخۆ ئەبیٚ بەفری کوردی کوڵۆڵ بەرەنگاری چەندین جۆرە باو بارانی نەیارەکانی بیٚتەوە!؟

لەگەڵ دەنگۆی لەدەرگادانێکی بچووکترین مافی کوردا تا ئامانجە گەورەکە کە سەربەخۆییە، چەندین جۆر باو بارانی نەیارەکانی بەسەریدا ئەڕژیٚ! کوڵۆڵیە زیاترەکەش لەوەدایە ئەو باوبارانانەی لەبەفری کورد کەمئەکەنەوە، منەتی ئەوەشی بەسەردا ئەکەن کە ئەوە لە دڵسۆزییانەوەیە نەك خوانەخواستە دژایەتی!

تۆ بڕوانە ئا لەم کاتەدا کە لایەنە نەیارەکانی کورد لەئەوپەڕی ناکۆکیی خۆیاندان ، کەچی هەریەکەو بەجۆرێك لەبەفری کورد کەمئەکاتەوە کە لە ئەنجامدا هەموویان لە (یەکێتی خاکی عیراق)دا یەکئەگرنەوە.

ئەوەش  کەمکردنەوەیەکی سەختە لەمافی دیاریکردنی چارەنووسی کورد! چونکە یەکەم کاریگەرییەکی ئەو مافە، لەقکردنی کۆڵەکەکانی یەکێتی خاکی عیراقە.

**کوڵۆڵ خۆی کورد! ئەوە لایەنە نەیارەکان بەهەرجا، کوڵۆڵیە گەورەکە لەوەدایە کەحیزبە کوردیە باڵا دەستەکانی باشووری کوردستانیش، پێشبڕکێیانە لەسەر پاراستنی یەکێتی خاکی عیراق! ئنجا بەرامبەر هەموو ئەو باوبارانە، دەسەڵاتی هەرێمی کوردستانیش لەبڕیارێکدا رۆژی 6-1-2013ی کردە پشووی فەرمی!! وەك بڵێ ئەوە هەر ئێوەنین کەسوورن لەسەر یەکێتی خاکی عیراق، واتا لەسەر کەمکردنەوەی بەفری کوردی، ئەوەتا ئێمەش رۆژی دامەزراندنی ئەو سوپایەی ئەنفالیکردین، ئەیکەینە ئاهەنگ و پشووی فەرمی!! ئافەرین دەسەڵاتی کوردستان، هەرزەوکیلی شاری خامۆشان!!**